Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٥ و ٢٠٢٣)دا

## «لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیی»

**م.د. ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ**

زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژیی زانستە مرۆڤایەتییەکان،

سەنتەری توێژینەوە/ سەنتەری گۆڕانی ئاوهەوا .ako

rebeen.rostam@uor.edu.krd

**م.ی. پشتیوان احمد حمد**

کارگێریی دەزگاکانی گەشتیاریی، پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە،

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان

Pshtiwan.hamad@epu.edu.iq

## الملخص:

مەبەست لەم توێژینەوەیە ئاشنابوونە بە جوگرافیای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لەنێوان ساڵانی(٢٠٠٥ و ٢٠٢٣)دا، گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدا دەرئەکەوێت کە شیکردنەوە بۆ ئەنجامی هەردوو هەڵبژاردن ئەکات، لە ڕێگەی خستنەڕووی کۆمەڵێك داتا و نەخشە لە نێوان هەردوو هەڵبژاردن دا، بۆ دەرخستنی جیاوازیی ئەنجامەکان. لەتوێژینەوەکەدا مێتۆدی (شیکردنەوەیی ئاماریی و بەراوردکاریی)بەکارهێنراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە کە، ناوەڕۆکی توێژینەوەکە تایبەت کراوە بە ناساندنی شوێنی جوگرافیی ناوچەی لێکۆڵینەوە و سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پێکهاتەی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەر لەنێوان هەردوو هەڵبژاردندا، شیکردنەوە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٢٣ کراوە. سەرەنجام توێژینەوەکە گەیشتووە بەوەی لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دا، ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو لەم پرۆسەیەدا بریتیبوون لە(٤٧٥,٥٥٣) دەنگدەر، کە تییدا(٤٠٠,٨٩٢) کەس دەنگی دا بە ڕێژەی(٨٤,٣٪)ی دەنگدەران، بۆ بەدەستهێنانیی (٤١)کورسیی. لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنی ٢٠٢٣دا ژمارەی ئەوانەی مافیی دەنگدانیان هەبوو بریتیبوو لە (٨٧٠,٩٢٠) دەنگدەر، ژمارەی دەنگدەر (٥٥٩,٢٢١)دەنگ بوو، واتا ڕێژەی دەنگدان بریتیبوو لە (٦٤,٢٪). بۆ پێشبڕکی لەسەر (١٦)کورسیی. لە هەردوو هەڵبژاردن پێکهاتەی کورد زۆرترین ڕێژەی دەنگی بەدەست هێناوە، لە بەرامبەردا لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا پێکهاتەی تورکمانیی پلەی دووەم و پێکهاتەی عەرەبیی پلەی سێیەمیان بەدەست هێنابوو، بە پێچەوانەوە لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٣دا پێکهاتەی عەرەبیی دێتە پلەی دووەم و ڕێژەی دەنگەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە ١٧٪ بۆ ٤٢٪ زیاد ئەکات. دەرئەنجامی ئەم توێژینەوە گرنگە بۆ لایەنە سیاسیی و پێکهاتە نەتەوەییە بەشدارەکانی هەڵبژاردن.

**کلییلە وشەکان:(هەڵبژاردن، کەرکووك، ئەنجوومەنی پارێزگا، بنکەی دەنگدان، وێستگەی دەنگدان)**

Recieved: 22/2/2024
Accepted: 6/5/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

پارێزگای کەرکووک تاکە پارێزگای کوردستانییە، تەواوی سنورە ئیدارییەکەی ئێستای کەوتۆتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەڵام هەرگیز لە رووی ئیدارییەوە بەشێوەیەکی فەرمیی لەچوارچێوەی سنووری حوکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە، ناوچەی لێکۆڵینەوە لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق رووبەڕووی چەندەها لەڕووداوەستانەوەی سیاسیی وەك بەعەرەبکردن، راگواستن، بەبەعسییکردن و گۆڕانکاریی ئیداریی لە سنووری پارێزگاکە تووش هاتووە، پشکی هەرە گەورە لەو هۆکارە سەرەکییانە ئەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندیی پارێزگاکە بە نەوت و گازی سرووشتیی. هەموو ئەو نەهامەتییانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر گۆڕانکاریی دیمۆگرافیایی ناوچەکە هەبووە. بۆئ هوەیی راستیی دیمۆگرافیی پارێزگاکە بشاررێتەوە، بۆیە هەمیشە حوکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق و بەشێك لەپێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم پارێزگایە ترسیان هەبووە لە کردنی راپرسیی و هەڵبژاردن، تاوەکو دەسەڵات و حوکمی پارێزگاکەیان لە دەست نەچێت.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** لەوەدا دەرئەکەوێت کە شییکردنەوە بۆ ئەنجامی هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٥)و (٢٠٢٣)دا ئەکات.

**کێشەی توێژینەوەکە:** کەرکووک پارێزگایەکی فرەنەتەوەیە و دەوڵەمەندە بە نەوت و پێگەیەکی ستراتیژیی گرنگی هەیە، بەشێك لەو نەتەوانە خەڵکی رەسەنی پارێزگاکە نین، هەر ئەمەش بە هۆکاری سەرەکیی بۆ نەکردنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک جیا لە هەموو پارێزگاکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ١٨ ساڵ دائەنرێت.

**گریمانەی توێژینەوەکە:** بۆ وەڵامی پێشوەختەی توێژینەوەکەمان دوو گریمانە ئەخەینە روو:

پێکهاتەی براوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، هۆکارێکی گرنگی دیاریکردنی چارەنووسی ئایندەیی پارێزگاکەیە.

پێکهاتەی براوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە دیاریکردنی چارەنوسی ئایندەی پارێزگاکەدا نییە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکەمان بریتییە لە دەستنیشانکردن دەنگی پێکهاتە و لیستە براوەکان و بەراوردکرنیان لەنێوان هەردوو هەڵبژاردندا، دەرخستنی هۆکارە کاریگەرەکانی زیادکردن و کەمکردنی دەنگەکانیان.

**مێتۆدی توێژینەوەکە:** بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەکە مێتۆدی (شیکردنەوەی ئاماریی و بەراوردکاریی)مان بەکارهێناوە، بۆ نیشاندانی داتای لیست و پێکهاتە بەشدارەکان و بەراوردکردنیان لە نێوان هەردوو هەڵبژاردندا.

**پلانی توێژینەوەکە:** بۆ گەیشتن بە درووستیی گریمانەکان و بەدەستهێنانی ئامانجەکان، توێژینەوەکەمان بۆ سێ تەوەر(خاڵی) سەرەکیی دابەشکردووە: لەتەوەریی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ شوێنی جوگرافیی ناوچەی لێکۆڵینەوە و ناساندنی سیستەم و یاساکانی هەڵبژاردن کردووە. لەکاتێکدا تەوەری دووەممان بۆ پێکهاتەی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەر لەنێوان هەردوو هەڵبژاردندا تەرخانکردووە، لە کۆتا تەوەردا شیکردنەوە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٢٣ کراوە، پاشان

## ئەنجام و راسپاردە و لستیی سەرچاوەکان خراوەتە روو.

## ١-شوێنی جوگرافیی ناوچەی لێکۆڵینەوە و ناساندنی سیستەم و یاساکانی هەڵبژاردن:

١-١: شوێنی جوگرافیی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

پارێزگای کەرکووک١(*)کەوتۆتە باکووری شاری بەغدا و باشووری هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر بەشی باکوور و پارێزگای سلێمانیی بەشی خۆرهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێك ئەهێنێن، پارێزگای سەلاحەدینیش ئەکەوێتە بەشی باشوور و باشووری خۆرئاوایەوە. نەخشەی (١-١)

ناوچە جێناکۆکەکانیی عێراق یان سنوورە جێناکۆکە ناوخۆییەکانی کوردستانی عێراق یان بە کورتیی «ناوچە جێناکۆکەکان» ئەو ناوچانەن کە بەپێی مادەی ١٤٠ی دەستووریی عێراق دیاریکراون بەعەرەبکراو لەماوەی دەسەڵاتیی حیزبیی بەعسدا لە عێراق. دانیشتووانیی زۆربەی ئەو ناوچانە لە پێشوودا کەمینە نا-عەرەبەکان بوون، بەتایبەتیی کورد، کە دواتر بە عەرەبکراون لە رێگەی گواستنەوەی خێڵە عەرەبەکان بۆ ئەو ناوچانە.

نەخشەی (١-١): ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی عێراق و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە/ کاری توێژەران: پشت بە (Base Map, Open Street).

رووبەری پارێزگای کەرکووک لە ساڵی ١٩٢٧، سەرژمێریی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ زیاتر بووە لە (٢٠,٠٠٠ کم٢)، بەڵام لە سەرژمیریی ١٩٧٧ کەمکراوەتەوە بۆ (١٠,٣٥٥ کم٢). (عبدالرحمان، ٢٠١٦، لاپەڕە ٧٦-٧٧).

لە ئێستادا ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ٤ قەزا، ١٢ناحیە پێکهاتووە، رووبەرەکەی بریتییە لە (١٠,٣١٢ کم٢)، خشتەی (١-١)و نەخشەی (١-١). رووبەری ئەم پارێزگایە بەردەوام لە گۆڕان دابووە، بەهۆی ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە هەوڵی شێواندن و بچووککردنەوەی ئەو رووبەرە دراوە، بە تایبەتی ئەو قەزا و ناحیە کوردییانە دابرێنراوە، بەو هۆیەشەوە رووبەری بەرچاوی ناوچە کوردنشینەکان کەم بۆتەوە (جمهورية العراق ٢٠١١، ص٥١٢).

رووبەری قەزاكان تاڕادەیەك لێك نزیكن، بەجۆرێك قەزای كەركووك گەورەترین قەزایە رووبەرەكەی ئەگاتە (٣٢٥٠)كم٢ بە رێژەی ٣١,٥٪، بەڵام قەزای دبس بچووكترین قەزای ناوچەی لێكۆڵینەوەیە كە رووبەرەكەی ئەگاتە (١٧٣٠)كم٢ كە ئەكاتە رێژەی ١٦,٨٪، هەریەك لە قەزاكانیی حەویجە و داقوق رێژەی زیاتر لە ٢٥٪ی ناوچەی لێكۆڵینەوە پێك ئەهێنن. سەبارەت بەژمارەی دانیشتوانی كەركووك ژمارەیەكی ورد لە سەرژمێرییەكی گشتیی بوونی نیە، ئەوەی هەیە ژماردن و گەمارۆسازیی (الترقیم و الحصر)ساڵی (٢٠٠٩)ە، بەجۆرێك ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای كەركووك (١,٣٢٥,٨٥٣) كەس بووە، زۆرترین ژمارە لە قەزای كەركووك كۆبۆتەوە كە رێژەی ٦٧,٩٪ و لەو قەزایەش بەرزترین رێژەی دانیشتوان لە قەزای سەنتەرە بە رێژەی ٥٩,١٧٪ هەریەك لە قەزای حەویجە رێژەی ١٩,٣٢٪ و قەزای دبس ٧,٢٣٪ و كەمترین رێژەی دانیشتوانیش لە قەزای داقوقە كە رێژەی ٦,٢٩٪. خشتەی (١-١). وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە رێگەی خەمڵاندن (مەزەندە)ی دانیشتوان (اسقاطات سكانیة)ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای كەركووكی بۆ ساڵی ٢٠٢١ بە (١,٧٢٦,٤٠٩)كەس خەمڵاندووە، ژمارەی دانیشتوانی عێراق لە هەمان ساڵدا (٤١,١٩٠,٦٥٨) كەس بووە (تقدیرات سكان العراق، ٢٠٢١)، بەم پێیەش ژمارەی دانیشتوانی كەركووك رێژەی ٤,١٩٪ی كۆی ژمارەی دانیشتوانی عێراقی پێكهێناوە (جمهوریة العراق ٢٠١١، ص٥١٢).

خشتەی (١-١): رووبەر و ژمارەی دانیشتوانی كەركووك بەپێی قەزا و ناحیەكان

| یەکەی ئیداریی | رووبەر/ کم$^2$ | رێژە (%) | ژمارەی دانیستوان 2009 | رێژە (%) |
|---|---|---|---|---|
| قەزای سەنتەری کەرکووک | 461 | 4.5 | 784.444 | 59.17 |
| یایجی | 287 | 2.8 | 24.746 | 1.87 |
| قەرەهەنجیر | 646 | 6.3 | 10.164 | 0.77 |
| مەلا عەبدالله (الملتقى) | 168 | 1.6 | 14.167 | 1.07 |
| تازەخورماتوو | 253 | 2.5 | 29.438 | 2.22 |
| لەیلان | 648 | 6.3 | 16.465 | 1.24 |
| شوان | 787 | 7.6 | 10.121 | 0.76 |
| قەزای کەرکووک | 3250 | 31.5 | 924.792 | 67.9 |
| سەنتەری قەزای حەویجە | 588 | 5.7 | 104.354 | 7.87 |
| عەباسیی | 453 | 4.4 | 48.139 | 3.63 |
| ریاض | 1071 | 10.4 | 53.505 | 40.4 |
| زاب | 562 | 5.4 | 50.151 | 3.78 |
| قەزای حەویجە | 2674 | 25.9 | 256.149 | 19.32 |
| سەنتەری قەزای داقوق | 1221 | 11.8 | 57.679 | 4.35 |
| رەشاد | 1437 | 13.9 | 25.694 | 1.94 |
| قەزای داقوق | 2658 | 25.8 | 83.373 | 6.29 |
| سەنتەری قەزای دوبس | 556 | 5.4 | 43.231 | 3.26 |
| سەرگەڕان | 682 | 6.6 | 18.308 | 1.38 |
| ئاڵتون کۆپری | 492 | 4.8 | 35.247[2(*)] | 2.66 |
| قەزای دوبس | 1730 | 16.8 | 96.786 | 7.3 |
| پارێزگای کەرکووک | 10.312 | 100 | 1.325.853 | 100 |

(*) ٢ ئاڵتون كۆپریی لە ساڵی 2009دا سەر بەقەزای سەنتەربوو، بەڵام لە ئێستادا لە چوارچێوەی قەزایی دبس دایە بۆیە ئێمە ژمارەی دانیشتوانمان لەگەڵ ئەو قەزایەدا هەژماركردووە.

سـەرچاوە/ کاری توێـژەران، پشتبەسـت بـە: نەخشـەی (١-٢)و (جمهوريـة العـراق، وزارة التخطيـط، الهيئـة العليـا للتعـداد العـام للسـكان والمسـاكن, الادارة التنفيذيـة للتعداد،التعـداد العـام للمبـاني والمسـاكن والمنشـأت والأسر, سلسـلة تقاريـر الترقيـم والحـصر، تقريـر رقـم ١،المبـاني والمسـاكن والأسر عـلى المسـتوى الوطنـي، تمـوز ٢٠١١،مطبعـة الجهـاز المركـزي للإحصـاء، بغـداد، ص٥١٢).

سـەبارەت بـە شـوێنی ئەسـترۆنۆمیی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە، ئەکەوێتـە نێـوان بازنەکانـی پانیـی(-٣٤°٤١'٦٥٧,٠٩"N ٣٥°٥٤'٩٣٤,٣٣"N ) ی باکـوور و هێڵـی (٤٣°٢٠'٢٩٥,٥٨"E - ٤٤°٤٧'١٤٥,٥٩"E )ی خۆرهـەڵات، نەخشـــەی (١-٢).

نەخشەی (١-٢): شوێنی ئەسترۆنۆمیی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە/ کاری توێژەران: پشتبەست بە (Base Map, Open Street)

**١-٢: سیستەم و یاساکانی هەڵبژاردن:**

پرۆسـەکانی هەڵبـژاردن بـە شـێوەیەکی سیسـتەماتیك بەپێـی یاسـایەکی تایبـەت، چەنـد سـاڵ جارێـك بەڕێـوە ئەچێـت، یاخـود یاسـاکەی پێشـوو بەکاردێـت یـان هەمـوار ئەکرێتـەوە، کـە لەگـەڵ بارودۆخـە کـە بگونجێت. لـە رۆژگاری ئەمڕۆدا یاساکانی هەڵبـژاردن گرنگیـی و رۆڵـی خۆیان هەیـە لـە پرۆسـەی هەڵبژاردنـدا، لـەم توێژینەوەیـەدا بـاس لـە دوو پرۆسـەی هەڵبـژاردن ئەکەیـن، کـە هـەر یەکەیـان بـە یاسـایەکی تایبـەت جێبەجـێ کـراوە، لـە خـوارەوە ئەیانخەینـە روو:

**1-2-1: یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان(٢٠٠٥):**

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ساڵی ٢٠٠٥ لەبەر رۆشنایی فەرمانی دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان، ژمارە (٧١)ی پۆل بریمەر، حاکمی مەدەنیی عێراق لە رێکەوتی ٦ی نیسانی ٢٠٠٤ دەرکرا، هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجوومەنەکان بۆ هەریەك لە (١٨) پارێزگاکەی عێراق لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥بەرێوە چوو. لە یاساکەدا سنووری کارگێریی هەر پارێزگایەك کرایە بازنەیەکی هەڵبژاردن و قەبارەی بازنەیەکی هەڵبژاردن دیاریکرا، بۆ هەر پارێزگایەك (٤١)کورسی، جگە لە کورسیەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدای پایەتەخت (٥١)کورسی بۆ دانرا، سیستمی هەڵبژاردنی پەیڕەوکراو لەم هەڵبژاردنەدا لیستی داخراوی نوێنەرایەتیی رێژەیی زۆرترین دەنگی ماوە بوو (رەئوف ٢٠١٣، لاپەڕە ١٠٣).

**1-2-2: یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان(٢٠٢٣):**

پەرلەمانی عێراق لە ٢٧ی ئاداری ٢٠٢٣ بە ئامادەبوونی (٢١٨)پەرلەمانتار لە کۆی (٣٢٩)پەرلەمانتار، بە زۆرینەی دەنگ هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی پەسەند کرد، لە دوای ئەو هەموارەوە، تەنیا یەك یاسا بۆ هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە عیراق کاری پێ ئەکرێت ، ئەویش یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠١٨ی هەموار کراوە، هەموارەکە چەندین گۆڕانکاریی لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا کردووە، بە تایبەت لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا کە لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە نەکراوە،کەرکووکیش بۆ یەکەم جار و تەنیا ساڵی ٢٠٠٥ لەو پرۆسەیەدا بەشداربووە، بەشێکی گۆڕانکارییەکان تایبەتن بە ژمارەی کورسیەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا (یاسای هەڵبژاردنی عێراق ٢٠٢٣).

بۆ تۆماری دەنگدان لە کەرکووك، بریار لە سەر ئەوە درا ئەو هاوڵاتیانەی لە چوارچێوەی سەرژمێریی ساڵی١٩٥٧٣(*) تۆمارکراون، جگە لە هاوڵاتییانی ناحیەی زاب و ناحیەی سەرگەڕان، ناویان لە تۆماری هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووك ئەبێت کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان پشتی پێ ئەبەسترێت، واتە هەر هاوڵاتییەك لە کەرکووك، ئەگەر لە تۆماری سەرژمێریی ١٩٥٧دا نەبێت یان نەتوانێت بەپێی کۆبۆنی خۆراکی پێش ساڵی ٢٠٠٣ بیسەلمێنێت کە دانیشتوی سنووری پارێزگاکەیە، ئەوا مافی دەنگدانی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا و پەرلەمانی عێراق نابێت، جگە لەوانەی رێکارەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستور ئەیانگرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە هەماهەنگی وەزارەتەکانی (ناوخۆ، تەندروستیی، داد، بازرگانیی و

(*) ٣ سەرژمێریی ١٩٥٧: ئەم سەرژمێریە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دانیشتوان بەڕێوە ئەبرا، یاسایی تۆمارکردنی دانیشتوانی ژمارە (٥٩)ی لەساڵی ١٩٥٥بۆ دەرچواند و رێنماییەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەکەشی دەرکرد و ئامادەباشیی بۆ کرا لە رووی لیستی پرسیار، کارمەندانی پێویست. دواتر هەموو رێنمایی و وردەکاریەکان لە کتێبێکیی گەورەدا لە ژێر ناونیشانیی»رێنمایی گشتیی بۆ سەرژمێری گشتیی دانیشتوانیی ساڵی ١٩٥٧ لەچاپدرا و بڵاوکرایەوە. لەم سەرژمێرییەدا میتۆدی زانستیی لە بواری سەرژمێریی دانیشتواندا پەیڕەو کرا، دوای هاوکاریی لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرا، بەتایبەتی کۆمسیۆنی هاوکاریی هونەریی، کە شارەزایەکی میسریی بواری سەرژمێریی بۆ پرۆسەکە دیاریی کردبوو بەناوی (دکتۆر محەمەد ریاز ئەلشەنەوانیی) پسپۆڕیی جوگرافیای مرۆیی بوو، لە رێککەوتی ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ پرۆسەکە دەستی پێکرد لەو رۆژەدا قەدەغەی هاتوچۆ لە کاتژمێر ٥ی بەیانیی تا کاتژمێر٥ی ئێوارە راگەیەنرابوو. هەرچەند لەم سەرژمێرییەشدا فێڵ و شێواندنی جۆراوجۆر کرا، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لەسەر ئەو خاڵە سەرچاوەیان گرتبوو، ئەویش پۆلێنکردنی دانیشتوان بوو لەسەر بنەمای زمانی دایك. ئەم بنەمایانە لە هەندێ ناوچە فرەپێکهاتەیی وەك کەرکوك بوو بەمایەی شەڕی ئاماریی، کە تا ئەمڕۆش خەڵکی ئەم ناوچانە لێیان رزگار نەبوون. چونکە زمانی دایك بنەمایەکی درووست نیە بۆ دەستنیشانکردنی ئیتنیکیی نەتەوەیی دانیشتوان، بەڵام بەهۆکاری باڵادەستیی ئەوسای تورکیا بەسەر ناوچەکەدا، ئەم خاڵەیان جێگیر کردبوو. ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی هێشتا کۆمەڵێ خەڵکی تورك کە لەدوای کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانیی لەم شارە مابونەوە، لە کاتی سەرژمێرییە کە ١٣٥٣ کەس لە ژیاندا مابوون، بەلام ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکە بە تورکمان هەژمارکران، سەرەڕای ئەمانە ئەم سەرژمێرییە تا ئەمڕۆش بە باشترین سەرژمێریی دائەنرێت لەمێژووی عێراقدا (قادر، ٢٠١٩، لاپەڕە ٥٤-٦٥).

پلاندانان)لەگەڵ نوێنەرانی هەموو پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكانی پارێزگای كەركوك لە پەرلەمان وردبینیی بۆ تۆماری دەنگدەرانی پارێزگاكە ئەكات. ئەو هاوڵاتیانەیی راگوێزرابوون (تەرحیل كرابوون)و گەڕاونەتەوە و رێكارەكانی لیژنەی تایبەت بە مادەی ١٤٠ــی دەستوریان تێپەڕاندووە یان رێكارەكانی ئەو لیژنەیە تێ ئەپەڕێنن، ئەوا ناویان لە تۆماری دەنگداندا ئەبێت. بڕگەی دووەمی ماددەی ١٣ــی تایبەت بە كەركووك لە هەموارەكەدا ئەڵێ؛ ئەنجامی هەڵبژاردنەكان نابن بە بنەمای یاسایی و ئیداریی پەیوەست بە دیاریكردنی داهاتووی كەركووك. لە بڕگەیەكی تری یاسای هەڵبژاردندا هاتووە كە حوكمەكانی مادەی ١٣ــی تایبەت بە كەركووك تەنیا بۆ یەك خولی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاكانە. بەپێی بڕگەی چوارەم و كۆتایی ئەو ماددەیەی هەموارە نوێیەكە؛ دەسەڵات بەپێی نوێنەرایەتییكردنێكی دادپەروەرانە دابەش ئەكرێت. كە زامنی بەشدارییكردنی پێكهاتەكانی پارێزگاكە بكات بەدەر لە ئەنجامی هەڵبژاردنەكان (یاسای هەڵبژاردنی عێراق ٢٠٢٣، ماددەی ١٣).

لە مادەی ٦ــی هەموارەكەدا، تەمەنی كاندید بۆ هەڵبژاردن لە ٢٨ ساڵەوە زیادكراوە بۆ ٣٠ ساڵ، پێویستە بڕوانامەی بەكالۆریۆس یان هاوتاكەی هەبێت، تەنیا بۆ كەمینەكان ئاساییە ئەگەر هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بەرەو سەرەوە بێت. شێوازی دابەشكاریی دەنگ بۆ كورسی ئەم خولەی هەڵبژاردن، بەپێی مادەی ٧ــی هەموارەكە سیستەمی (سانت لیگۆی هەموار كراوو)ئەبێت كە (١,٧ – ٣ – ٥- ٧ – ٩..... هتد)لە بری سیستەمی (١,٩– ٣ – ٥ – ٧ – ٩). دابەشكردنی كورسیەكان بە شێوازی (سانت لیگۆ)٤(*) ژمارەی دەنگەكانی قەوارە سیاسییەكان بەسەر ژمارە تاكەكان(١، ٣، ٥، ٧، ٩)دا دابەش ئەكرێت. ئەنجامەكان لەو قەوارەوە دەست پێ ئەكەین كە زۆرترین دەنگی هێناوە، پاشان ئەو قەوارانەی دەنگی كەمتریان هێناوە. خشتەی (١-٢)،

خشتەی (١-٢)جێبەجێ كردنی شێوازی(سانت لیگۆ)

| ناوی قەوارەیی سیاسیی | ژمارەی دەنگەكان | دابەشكرن بەسەر(1) | دابەشكردن بەسەر(3) | دابەشكرن بەسەر(5) | دابەشكردن بەسەر(7) | دابەشكردن بەسەر(9) | كۆی كورسی بەدەستهاتوی قەوارەكان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | 35.000 | 35.000 | 11.666 | 7.000 | 5.000 | 3.888 | 2 |
| B | 21.000 | 21.000 | 7.000 | 4.200 | 3.000 | 2.333 | 1 |
| C | 11.000 | 11.000 | 3.666 | 2.200 | .1.571 | 1.222 | 1 |
| D | 8.000 | 8.000 | 2.666 | 1.600 | 1.142 | 888 | 1 |
| كۆی گشتیی | 75.000 | ــــــــ | ــــــــ | ــــــــ | ــــــــ | ــــــــ | 5 كورسی |

سەرچاوە/كاری توێژەران، پشتبەست بە (جەمال و محمد ٢٠١٤، لاپەڕە ٥٢).

لەم شێوازەی سەرەوە زیاتر دەرفەت ئەداتە قەوارە بچووكەكان بۆ بەدەستهێنانیی كورسی، ئەم شێوازە لە هەڵبژاردنی(٢٠ی نیسانی ٢٠١٣)بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاكانی عێراق پیادە كرا، بەو هۆیەوە ئەنجامەكان لە بەرژەوەندیی قەوارە بچووكەكان شكایەوە. بەڵام لە پێناو ئەو دەرفەتە زۆرەی كە بە قەوارە بچووكەكان درابوو لە شێوازی (سانت لیگۆ)بەجۆرێك كە بە دەنگێكی كەمەوە چەند كورسییەك بەدەست دێنێت، ئەو وڵاتانەی ئەو شێوازەیان پیادە ئەكرد دەستكارییان كرد و شێوازێكی تریان لێ دەرهێنا بە ناوی شێوازی(سانت لیگۆی هەمواركراو). كە ئەمەش تەنها گۆڕانكاریی بوو لە لە ژمارەیەك، كە لە سەرەتادا

(*) ٤ شێوازی سانت لیگۆ(Sainte-Laguë method): لەلایەن ئەندرێ سانت لیگۆ (Andre Sainte-Laguë) ی فەرەنساوە پەرەی پێدراوە، ئەم شێوازە ساڵی ١٩١٠ دۆزاریەوە، بۆیەكەم جار لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥١ لە نەرویج و سوید پیادە كرا، لە ئێستاشدا لە دانیمارك و زۆرێك لە وڵاتان پەیڕەو ئەكرێت (Britannica, 2023)عێراقیش یەكێكە لەو وڵاتانە هەرچەندە هەمواری یاساكەی كردووە.

لەبری ژمارە (١)ژمارە (١,٤)پیادە کرا، لە کۆتا هەموار کە لە (٢٧ی ئاداری ٢٠٢٣)ی پەرلەمان گۆڕا بۆ ژمارە (١,٧)کە ئەمەش زیانێکی زۆر بەر قەوارە بچووکەکان کەوت وەك لە خشتەی (١-٣)بە روونیی دەرئەکەوێت، بە بەراورد بە خشتەی یەکەم براوەی سێیەم و چوارەم کورسییەکانیان لەدەست دا و هەردوو براوەی یەکەم و دووەم سەروو یەک کورسیان بۆ زیادبوو بەهەمان ژمارەی بەدەستهاتوو.

خشتەی (١-٣)جێبەجێ کردنی شێوازی (سانت لیگۆی هەموار کراو ١,٧)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | 3.888 | 5.000 | 7.000 | 11.666 | 20.588 | 35.000 | |
| 2 | 2.333 | 3.000 | 4.200 | 7.000 | 12.352 | 21.000 | |
| 0 | 1.222 | 1.571 | 2.200 | 3.666 | 6.470 | 11.000 | |
| 0 | 888 | 1.142 | 1.600 | 2.666 | 4.705 | 8.000 | |
| | | | | | | 75.000 | |

سەرچاوە/ پشتبەست بە https://ihec.iq/٢٨١١٩/٢٠٢٣/١١/

## پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەر لە نێوان هەردوو هەڵبژاردندا

### ٢-١: پێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکووک:

پێکهاتەی دانیشتوان کاریگەریی هەیە لە سەر پرۆسەکانی هەڵبژاردن، بەو هۆیەوە ناوچەی هێزی کاندیدێك، لیستێك یاخود پارتێك دیاری ئەکرێت، کەرکووک بەپێی بەڵگە مێژووییەکان شارێکی کوردستانییە، بەڵام شوێنە جوگرافییەکەی و ئەو دەسەڵاتانەی لە ناوچەکەدا حوکمیان کردووە، وایکردووە پێکهاتەی جیاوازیی تێدا نیشتەجێ ببێت، پێکهاتە سەرەکیەکانیش بریتیین لە (کورد، عەرەب، تورکمان)، ئەمە سەرەڕای هەبوونی چەندین پێکهاتەی کەمە نەتەوەیی تر.

بەپێی ئامارەکان ژمارە و رێژەی دانیشتوانی عەرەب رۆژ لە دوای رۆژ لە هەڵکشاندابووە و، بەپێچەوانەوە کورد و تورکمان لە دابەزیندا بوون، بەجۆرێك ساڵی ١٩٤٧ رێژەی کورد ٥٥٪، تورکمان ٢٦٪ و عەرەب تەنها ١٢٪ بووە، لەکاتێکدا بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧، کە لە سەر بنەمای زمانی دایك کرا، رێژەی کورد ٤٨٪، تورکمان ٢١٪ و عەرەب بوو بە ٢٨٪. لەسەر ژمێریەکانی دواتردا رەوشەکە خراپتر بوو، بۆ نموونە؛ لە سەرژمێریی ١٩٩٧دا رێژەی کورد و تورکمان دابەزیی بۆ نزمترین ئاست کە کورد ٢٠٪ و تورکمان تەنها ٦,٦٪بوو، بەپێچەوانەوە عەرەب بەرزترین ئاستی خۆی تۆمارکرد کە ٧٢,٤٪ بوو. خشتەی (٢-١)دابەزینی رێژەی کورد و تورکمان بەرێژەیەکی بەرچاو بۆ چەند هۆکارێك ئەگەڕێتەوە لەوانە: دابڕانی چەمچەماڵ و کەلار و کفری و خورماتوو لە کەرکووک لکاندنیان بە سلێمانی و دیالە و سەڵاحەدینەوە. لە لایەکی ترەوە هێنانی بەلێشاوی عەرەب بۆ کەرکووک لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردندا (تعریب)٥* و لە

* ٥سیاسەتی بەعەرەب کردن: لە کوردستان بەگشتیی و بەتایبەت شاری (کەرکوك)کە رەفتارێکی فاشییانە و، هەوڵی بەردەوامی سرینەوەی میللەتی کوردە لەو شوێنانەی کە کوردی تێدا نیشتەجێیە، کوردەکانی راگواستووە و خەڵکی عەرەبی ناوەڕاست و باشووری بۆ هێناوە و زەویە کشتوکاڵییەکانی کوردی بەسەر ئەو عەرەبە هاوردانە دابەش کردوە، ئەویش دوو قۆناغە:- قۆناغی یەکەم: هێنانی عەرەب و پەیداکردنی نفوزی عەرەب لەناوچەی کەرکوك و گەرمیاندا، تا بتوانن وردە وردە شوێن پێی خۆیان خۆش بکەن. دووەم قۆناغ: ئەم قۆناغە بریتییە لە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پیلانی بەعەرەبکردنی کەرکوك، کە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٩٢٧ لەم شارەدا جێبەجێ کراوە، بۆ گۆڕینی واقعی راستی نەتەوەیی و دیمۆگرافیای شارەکە (شوانی ٢٠٠٧،

هەمان كاتدا راگوێزانی زۆرەملێی كورد بۆ دەرەوەی كەركووك و وێرانكردنی بەشێك لە گوندەكان، هەرچی دابەزینی رێژەی توركمانەكانە، بۆ دوو هۆكار ئەگەڕێتەوە؛ یەكەمیان بەرزبوونەوەیی ناسرووشتیی ژمارە و رێژەی عەرەب و دووەمیش ناونوسكردنی بەشێك لە توركمانەكان بە عەرەب، ئەم گۆڕانكارییانە بوونە هۆی گۆڕینی نەخشە و دیمۆگرافیایی پارێزگاكە (قادر، ٢٠١٩، لاپەڕە ٤٨-٤٩).

خشتەی (٢-١)دانیشتوانی لیوای(پارێزگای)كەركووك لەسەرژمێریی ١٩٤٧-٢٠٠٩

| ساڵ | كۆی دانیشتوان | رێژەی كورد (٪) | رێژەی عەرەب (٪) | رێژەی توركمان (٪) | كەمینەكان (٪) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٢٨٥,٦٠٨ | ٥٥ | ١٢ | ٢٦ | ٧ |
| ١٩٥٧ | ٣٨٨,٨٣٩ | ٤٨ | ٢٨ | ٢١ | ٣ |
| ١٩٧٧ | ٤٨٣,٩٧٧ | ٣٨ | ٤٤ | ١٦ | ٢ |
| ١٩٩٧ | ٧٥٣,٧٤٥ | ٢٠,٧ | ٧٢,٤ | ٦,٦ | ٠,٣ |
| ٢٠٠٩ | ١,٢٢٣,١٧٧ | ٣٧,١ | ٥٠,٧ | ١٢,٢ | ٠ |

سەرچاوە: كاری توێژەران،١- پشتبەست بە: جەبار قادر، نەفرەتی نەوت وستەمی دیمۆگرافیا، چاپخانەی زانكۆی صلاح الدين-هەولێر، كوردستان،٢٠١٩، لا١٧٣. ٢- محمد صادق جميل الحمدانی. مشكلة اداره كركوك و مستقبلها الجيوبوليتيكی، اطروحة دكتوراه، كلية التربية/ابن الرشد، جامعة بغداد، العراق، ٢٠١١، ص٧٢.

بەپێی دواهەمین ئاماری بەردەست بۆ پێكهاتەی دانیشتوانی پارێزگای كەركووك، زۆرینەی پێكهاتەی كورد كە ٧٩,٩٪ لە قەزای سەنتەر نیشتەجێبوون، ١٢,٨٪ لە دبس و ٧,٣٪ داقوق. لەكاتێكدا زۆرینەی پێكهاتەی عەرەبی لە باشوور و باشووری خۆرئاوای پارێزگاكەیە، بەشێكی تریش لە عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە كەوتونەتە قەزای سەنتەر، بەڵام پێكهاتەی توركمانی جیاواز لە پێكهاتەی كورد و عەرەب كەوتۆتە قەزای داقوق و قەوایی سەنتەر و ناحیەی ئاڵتون كۆپریی. خشتەی(٢-٢)و نەخشەی (٢-١)

خشتەی (٢-٢): ژمارە و رێژەیی پارتیی دانیشتوانی پارێزگای كەركووك لە ساڵی ٢٠١٥دا

| پارێزگای كەركووك | كورد | | عەرەب | | توركمان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | رێژە (%) | ژمارە | رێژە (%) | ژمارە | رێژە (%) |
| قەزای سەنتەر | ٦٥٥,٠٠٠ | ٧٩,٩ | ٢٢٥,٠٠٠ | ٤٧,٩ | ١٣٨,٠٨٠ | ٦٥ |
| داقوق | ٦٠,٠٠٠ | ٧,٣ | --- | --- | ٧٤,٢٨٠ | ٣٥ |
| دبس | ١٠٤,٥٠٠ | ١٢,٨ | --- | --- | --- | --- |
| حەویجە | --- | --- | ٢٤٥,١٩٣ | ٥٢,١ | --- | --- |
| كۆیی گشتیی | ٨١٩,٥٠٠ | ١٠٠ | ٤٧٠,١٩٣ | ١٠٠ | ٢١٢,٣٦٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ Izady, Michael, ٢٠١٧, Atlas of the Islamic World and Vicinity, Category II. Ethnographic and Cultural, Iraq’s Ethnic Shift.

لاپەڕە ٢٤-٢٥).

نەخشەی (٢-١)دابەشبوونی پێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکووک/ ٢٠١٥




سەرچاوە/ کاری توێژەران، پشتبەست بە: ( Izady, ٢٠١٧)  و (World Ocean ,Base Map)

## ٢-٢: ژمارە و ڕێژەی دەنگدەران:

ژمارەی دەنگدەر کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن، چونکە دەنگدەرەکان هۆکارن بۆ سەرخستنی کاندیدێک، لیستێك یاخود پارتێك، لە ڕێگەیەوە ئەگەن بەدەسەڵات، کە ئامانجی سەرەکیی هەموو پارت و لیستێکە، سەبارەت بە ڕێژە و ژمارەی پارێزگای کەرکووک لە ساڵی ٢٠٠٥دا هیچ داتایەك بەردەست نیە، بەڵام لەساڵی ٢٠٢١دا لە پارێزگای کەرکووک ژمارەی دانیشتوان (١,٦٨٣,٠٤٦)کەسە بووە، ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە بریتیبوون لە (٩٣٦,٣٥٤)دەنگدەر، بە ڕێژەی ٥٥,٦٣٪، بە پێچەوانەوە ٤٤,٣٧٪ی خەڵکی پارێزگا کە مافی دەنگدانیان نەبووە، لەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو، ڕێژەی نێر ٥٠,٣٧٪ و ڕێژەی مێ ٤٩,٦٣٪ بووە. خشتەی (٢-٣)

خشتەی (٢-٣): پێکهاتەی تەمەن ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو لە پارێزگای کەرکوک ساڵی ٢٠٢١

بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراق پێکهاتەی ژینگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی ٢٠٢١دا زیاتر

| گرووپی تەمەن | بارودۆخ | ژمارەی نێر | ڕێژە % | ژمارەی مێ | ڕێژە % | کۆیی گشتیی | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0 - 17 ساڵ | مافی دەنگدانیان نیە | 382.075 | 51.1<br>7 | 364.617 | 48.8<br>3 | 746.69<br>2 | 44.37 |
| 18+ ساڵ | مافی دەنگدانیان هەیە | 471.650 | 50.3<br>7 | 464.704 | 49.6<br>3 | 936.35<br>4 | 55.63 |
| کۆی گشتیی | | 853.725 | 50.7<br>2 | 829.321 | 49.2<br>8 | 1.683.0<br>46 | %100 |

لە (٧٠٠)هەزار کەس، بە ڕێژەی ٧٨,٨٪ لەشارەکان نیشتەجێبوون، لە گوندەکانیشدا زیاتر لە (٢٣٥)هەزار

کەس، بە ڕێژەی ٢٥,٢٪ نیشتەجێبوون

خشتەی(٢-٢): دابەشبوونی ژینگەیی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو له پارێزگای کەرکووک ساڵی ٢٠٢١

٣-شکردنەوەی جوگرافیی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە نێوان هەردوو

| ناوچەی ژینگەیی | ژمارەی نێر بۆ هەڵبژاردنی 2021 | ژمارەی مێ بۆ هەڵبژاردنی 2021 | کۆی گشتیی | ڕێژە% |
|---|---|---|---|---|
| شار | 356.431 | 346.431 | 700.402 | 74.8 |
| گوند | 117.679 | 118.273 | 235.952 | 25.2 |
| کۆی گشتیی | 471.650 | 464.704 | 936.354 | %100 |

هەڵبژاردنی(٢٠٠٥ و ٢٠٢٣)دا ٦(*)

ئەنجامی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن گرنگیی و بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە، لێرەدا مەبەستمانە دەنگی پارتە بەشدارەکان لە هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کرکوك بۆ ساڵەکانیی (٢٠٠٥ و ٢٠٢٣)بخەینە ڕوو، ئاماژە بە ناوچەی پاڵپشتیی و هێزی دەنگی هەر پارتێکی سیاسیی ئەکەین. دواجار هێزی دەنگدەری لەسەر بنەمای نەتەوەیی ناوچەی لێکۆڵینەوە دیاریی ئەکەین:

## ٣-١: ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ساڵی ٢٠٠٥

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ڕێککەوتی ٣٠ی تشرینی دووەمیی ٢٠٠٥ کرا، بە بەشداریی (٢٤)لیست، ژمارەی بنکەکانی دەنگدان بریتیبوو لە(٢٣٠)بنکە، ژمارەی کورسی تەرخان کراو (٤١)کورسی بوو. ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بریتیبوون لە (٤٧٥,٥٥٣)دەنگدەر، کە تێیدا (٤٠٠,٨٩٢) دەنگی دا بە ڕێژەی(٨٤,٣٪)ی دەنگدەران (علی ٢٠١١، ص٨٤).

### ٣-١-١: دەنگی لیست و هاوپەیمانییە بەشداربووەکان:

زۆرینەی پارتە کوردییەکان بە یەك لیست بەشدار بوون بەناویی لیستی (برایەتیی)، بەڵام پێکهاتەی عەرەبیی و تورکمانیی و مەسیحییشی لە خۆگرتبوو، هەرچەند (٣)لیستی تری کوردییش بەجیا لە دەرەوەی لیستی برایەتیی بەشداربوون، بەڵام نەیانتوانی هییچ کورسییەك بەدەست بێنن. خشتەی(٣-١). لیستی

(*) ٦ لە ڕێککەوتی 10ی نیسانی 2003 کەرکوك لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی پێشووی عێراق ڕزگار کرا، تاماوەیەك هیچ ئیدارەیەك لەم شارە نەما، تەنها هێزی پێشمەرگە و هێزی هاوپەیمانان تێدابوو، هەموو پێکهاتەکان بریاریاندا میکانیزمێك بگرنەبەر بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێك تا لەم ڕێگەیەوە ئیدارەیەك بۆ شارە کە دروست بکەن، کە هەرچوار پێکهاتەیی(کورد، عەرەب، تورکمان، مەسیحی)لەخۆبگرێت، هیچ ئامارێکی ڕەسمیی بەردەست نەبوو تا قەبارەی پێکهاتەکانی پێ دیاری بکرێت، بۆ ئەو مەبەستە ڕێککەوتن(300)کەسی بێلایەنیی شارەکە دیاری بکرێت بۆ هەر نەتەوەیەك (75)کەس تا ئەوانیش هەڵسن بە دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکە. لەو ڕێگەیەوە ئەو کە سایەتیانە 24 کەسیان لە هەر چوار نەتەوەکە دیاری کرد، بۆ هەر نەتەوە و 6کەس، 6 کەسی تریی سەربەخۆش، تا بتوانرێت ئەندامانیی ئەنجومەنەکە بکرێت بە 30 ئەندام. ئەو 6 ئەندامە سەربەخۆیەش هەڵبژێرران کە 5 ئەندام لە نەتەوەی کورد بوو، یەك ئەندامیش لە نەتەوەی مەسیحیی، بەم پێییە ژمارەی ئەندامانی کورد بووە 11 ئەندام لە ئەنجومەنەکە و مەسیحییەکانیش بوون بە 7 ئەندام، هەردوو نەتەوەی عەرەب و تورکمانیش هەریەکەو 6 ئەندام.

سەرەتای کاری ئەم ئەنجومەنە هەڵبژێرراوە، هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی بوو، لە ڕێکەوتی 28ی مایسی 2003، (عەبدولرەحمان مستەفا)لە نەتەوەی کورد بەپارێزگار و (ئیسماعیل حەدید)لە نەتەوەی عەرەب بە جێگری پارێزگار، (تەحسین کەهیە) لە نەتەوەی تورکمان وەك سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا هەڵبژێردرا، هەرچەندە دواتر سەرۆکی هەڵبژێرراوی ئەنجومەن ئەزموونی کارەکەی نەکرد (فتاح 2023-12-27).

برایەتیی توانی (٢٣٧,٣٠٣)دەنگ بەدەست بێنێت، بە رێژەی (٥٩٪)دەنگی لیستە بەشداربووەکان، کە تێیدا براوەی یەکەم بوو، (٢٦)کورسی لە کۆی (٤١)کورسی بەدەستهێنا، خشتەی (٣-١)، لیستی برایەتی لە پارت و کاندیدیی سەربەخۆ پێکهاتبوو، پارتی دیموکراتیی کوردستان زۆرترین کورسی برد کە (٧)کورسی و یەکێتیی نیشتمانیی (٥)کورسی هەریەك لە حزبیی شیوعیی کوردستان (حشك)و یەکگرتوویی ئیسلامیی (٣) کورسی، سەربەخۆکان و پێکهاتەی عەرەبیی هەریەکەیان (٢) کوردیی. هەریەك لە پێکهاتەی مەسیحیی، پێکهاتەی تورکمان، زەحمەتکێشان و حزبی سۆشیالیستی کوردستان (حسك)تەنها (١) کورسیان بەدەست هێنا، شێوەی (٣-١).

خشتەی (٣-١)ژمارەی دەنگ و کورسی بەدەستهاتووی پارتە کوردییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٠٥

| لیستە کوردییەکان | دەنگی بەدەستهاتوو | کورسی |
|---|---|---|
| لیستی برایەتیی کەرکووک | ٢٣٧,٣٠3 | ٢٦ |
| کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان | ٢٣٢٥ | ٠ |
| پارتی پارێزگارانی کوردستان | ١٥٥٨ | ٠ |
| پارتی چارەسەریی دیموکراتیی کوردستان | ٥٥٤ | ٠ |
| کۆی گشتی | [redacted] | [redacted] |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بە: ئارام جەمال، دەنگ و سەنگی پێکهاتەکانی کەرکووک لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا ٢٠٠٥- ٢٠٢٣، سلێمانی ٢٠٢٣، ل٨.

شێوەیی (٣-١)پێکهاتەی لیستی برایەتیی و کورسیی بەدەستهاتووی هەریەکێك لە پارتەکان




سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە: سەرچاوەی پێشوو ئارام جەمال، دەنگ و سەنگی پێکهاتەکانی کەرکووک لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا ٢٠٠٥- ٢٠٢٣، سلێمانی ٢٠٢٣، ل٨

پێکهاتەی عەرەب بە (١٤)لیست و تورکمان بە (٣)لیست و مەسیحیەکانیش بە (٢)لیست بەشداربوون،

براوەی دووەم لیستی بەرەی (تورکمانیی عێراقی) بوو، کە (٧٣,٧٩١) دەنگی بەدەست هێنا، بە ڕێژەی ١٩٪ دەنگەکان و (٨)کورسی ئەنجومەنەکەی مسۆگەر کرد، هەرچەند پارتە عەرەبییەکان بە کۆمەڵێ لیست بەشداربوون، بەڵام کەمترین کورسیان بەدەست هێنا، تەنها لیستی (التجمع الجمهوری العراقی) کە (٤٣,٦٣٥)دەنگی بەدەست هێنا، بە ڕێژەی ١١٪ی دەنگ و (٥)کورسی، لیستی (التجمع الوطنی العراقی) توانی (١٢,٣٢٩)دەنگ بەدەست بێنێت بە ڕێژەی ٣٪ و (الائتلاف الاسلامی والترکمانی)کە (١٢,٦٧٨) بەهەمان شێوە بە ڕێژەی ٣٪ هەریەك سەروو کورسییەکیان بەدەست هێنا، کۆیی پارتەکانی تر (٢١,١٥٦)دەنگیان بەدەست هێنا، بەڵام نەیانتوانی هیچ کورسییەك بەدەست بێنن بە هۆکاری ئەوەی بە لیستی جیاواز بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کردبوو. خشتەی(٣-٢)

خشتەی (٣-٢)دەنگ و کورسی بەدەستهاتوویی گشت پارتەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٠٥

| لیستەکان | دەنگی بەدەستهاتوو | ڕێژەی دەنگ ٪ | بەرکەوتەی کورسی |
|---|---|---|---|
| لیستی برایەتی کەرکووک | ٢٣٧,٣٠٣ | ٥٩ | ٢٦ |
| بەرەی تورکمانیی عێراقی | ٧٣,٧٩١ | ١٩ | ٨ |
| التجمع الجمهوری العراقی | ٤٣,٦٣٥ | ١١ | ٥ |
| الائتلاف الاسلامی والترکمانی | ١٢,٦٧٨ | ٣ | ١ |
| التجمع الوطنی العراقی | ١٢,٣٢٩ | ٣ | ١ |
| کۆیی لیستەکانیی تر | ٢١,١٥٦ | ٥ | ٠ |
| کۆیی گشتیی | ٤٠٠,٨٩٢ | ١٠٠ | ٤١ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەست بە: سەرچاوەی پێشوو ئارام جەماڵ، دەنگ و سەنگی پێکهاتەکانی کەرکووک لە هەڵبژاردنەکانیی عێراقدا ٢٠٠٥- ٢٠٢٣، سلێمانیی ٢٠٢٣، ل٧.

### ٣-١-٢: دەنگی پێکهاتەکان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥:

هەر چوار پێکهاتە سەرەکییەکە ( کورد، عەرەب، تورکمان، کریستیانەکان)لەم پرۆسەیە بەشدابوون، دەنگەکانی نەتەوەی کورد بە پلەی یەکەم هات، کە کۆدەنگی چوار لیستە کوردییەکە بریتیبوو لە (٢٤١٧٤٠) دەنگ، بەم پێیەش ڕێژەی٦٠٪ کۆی گشتیی دەنگەکانی بەدەست هێنا. بووە خاوەنی (٢٢) کورسی ئەنجومەنەکە. براوەی دووەم نەتەوەی تورکمان کە بە (٣)لیست بەشداریان لە پرۆسەکەدا کرد، توانیان (٨٨٣٢٠)دەنگ، بە ڕێژەی ٢٢٪ کە هاوتا بوو بە (١٠)کورسی ئەنجومەنەکە بەدەست بێنن. براوەی سێیەم پێکهاتەی عەرەب بوو کە ئەوانیش بە (١٣)لیست بەشدابوون، توانیان (٦٦٩٨٥)دەنگ بەدەست بێنن، بە ڕێژەی ١٧٪ کە یەکسان بوو بە (٨) کورسی ئەنجومەنە کە. کریستیانەکان بە (٤) لیستی جیا توانیان (٣٨٤٧)دەنگ بەدەست بهێنن، بە ڕێژەی١٪. خشتەی (٣-٣) شێوەی (٣-٢). بەڵام هەرسێ پێکهاتەی (عەرەب، تورکمان و کریستیان)کاندیدیان لە لیستی برایەتییدا هەبوو، کە هەر سێ پێکهاتە توانیان(٤)کورسی بەدەست بێنن جگە لە دەنگ و کورسی لیستەکانیی تریان.

نەخشەی (٣-٣) ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسیی پێکهاتەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٠٥

| پێکهاتەکان | دەنگی بەدەستهاتوو | ڕێژەی دەنگ ٪ | کورسی |
|---|---|---|---|
| کورد | ٢٤١,٧٤٠ | ٦٠ | ٢٢ |
| تورکمان | ٨٨,٣٢٠ | ٢٢ | ١٠ |
| عەرەب | ٦٦,٩٨٥ | ١٧ | ٨ |
| کریستیان | ٣٨٤٧ | ١ | ١ |
| کۆیی گشتیی | ٤٠٠,٨٩٢ | ١٠٠ | ٤١ |

کاری توێژەران: پشتبەست  خشتەی(٣-١) و (٣-٣)

شێوەی (٣-٢)ڕێژەی دەنگی پێکهاتەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ٢٠٠٥




کاری توێژەران: پشتبەست  خشتەی(٣-٤).

٣-٢: شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٢٣

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ١٨ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٣ بەڕێوەچوو، دوای ١٨ ساڵ، دووەم هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا بەڕێوەچوو، پێشتر دوو پرۆسەی تری هەڵبژاردن لە ساڵی (٢٠٠٩ و ٢٠١٣)بۆ پارێزگاکانی تری عێراق کرا، بەڵام پارێزگای کەرکووک لەم دوو پرۆسەیە بەهۆی بیانوی جۆراو جۆر بێ بەش ئەکرا، هۆکاری سەرەکیی ئەگەڕێتەوە بۆ ڕێکنەکەوتنی پێکهاتەکان بۆ کردنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکە.

بۆ ئەم هەڵبژاردنە بەپێی برگەی دووەم لە ماددەی ٩ی هەمواری نوێی یاسای هەڵبژاردندا، کورسیی ئەنجوومەنی  پارێزگا لە ١٢ کورسی پێك دێت، بۆ هەر ٢٠٠ هەزار کەسێك کورسییەکی تر زیاد ئەکرێت، بەڵام کاتێك ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە ملیۆنێك کەس تێپەڕێت، دانیشتوانەکەی ئەگاتە زیاتر لە ملیۆنێك و ٦٠٠ هەزار کەس ئەوەش پاڵپشت بە ئاماری وەزارەتی پلاندانان بۆ ساڵی ٢٠٢١. خشتەی (٣-٢). بەمەش ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە ١٥کورسی گشتیی و یەك کورسی کۆتای پێکهاتەی کریستیان

پێک دێت، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥دا (٤١)کورسی بوو.

٣-٢-١: دەنگی لیست و هاوپەیمانیە بەشداربووەکان:

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی ساڵی ٢٠٢٣، پارێزگا، کە بەسەر (٣٤٤)بنکە و (٢٠٣٣)وێستگە دابەشکرابوو. ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بریتیبوو لە (٨٧٠,٩٢٠)دەنگدەر، لەو ژمارەیە (٨١٣,٥٩٠)دەنگدەری گشتیی بە رێژەی ٩٤,٤٪ و (٥٧,٣٣٠)دەنگدەری تایبەت بە رێژەی ٦,٦٪ بوو. ژمارەی دەنگدەر (٥٥٩,٢٢١)دەنگ بوو، واتا رێژەی دەنگدان بریتیبوو لە (٦٤,٢٪). خشتەی (٣-٤). هەروەها (٢٤٨)کاندید (١٨١)نێر و(٦٧)مێ، لە (١٠)هاوپەیمانی و پێنج لیستی سەربەخۆ و کاندیدی گشتیی و مەسیحیی پێشبڕکێی بەدەستهێنانی کورسییان ئەکرد.

خشتەی (٣-٤): ژمارەی و رێژەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٢٣

| ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە | دەنگدەری گشتیی | رێژە٪ | دەنگدەری تایبەت | رێژە٪ | کۆی گشتیی دەنگدەر | رێژە٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٧٠,٩٢٠ | ٨١٣,٥٩٠ | ٩٤,٤ | ٥٧,٣٣٠ | ٦,٦ | ٥٥٩,٢٢١ | ٦٤,٢ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران، پشتبەست بە: https://ihec.iq/kirkuk-constituencies/

براوەی یەکەم لیستی هاوپەیمانی هێز و ئیرادەمانە، کە خۆی ئەبینیەوە لە کاندیداکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی شیوعیی، کە توانیان (١٥٧,٦٤٩)دەنگ بەدەست بهێنن، بە رێژەی ٢٨٪ ی دەنگی بەدەست هاتوو، بەو هۆیەشەوە (٥)کورسیی ئەنجومەنەکە بەدەستهێنا. لە کاتێکدا براوەی دووەم (التحالف العربي في كركوك) کە هاوپەیمانیەکی عەرەبیە، بە سەرۆکایەتیی پارێزگاری ئێستا، توانی(١٠٢,٥٥٨)دەنگ بەدەست بێنێت، بە رێژەی ١٩٪ دەنگەکان و (٣)کورسی مسۆگەر بکات.

براوەی سێیەمی هەڵبژاردنەکە لیستی(جبهه تركماني العراق الموحد)کە لە هاوپەیمانیەتیەکی تورکمانی خۆی ئەبینێتەوە، توانیان (٧٥,١٦٩)دەنگ لە پارێزگاکە بەدەست بێنن، بە رێژەی ١٣٪ ی دەنگی بەدەستهاتوو، بوونە خاوەنی(٢)کورسیی. بە هەمان شێوە براوەی چوارەم لیستی (القيادة)یە کە لیستێکی عەرەبییە و توانی(٦١,٦١٢)دەنگ بەدەست بێنیت، بە رێژەی ١١٪ دەنگی بەدەستهاتوو بوونە خاوەنی (٢)کورسیی ئەنجومەنەکە.

براوەی پێنجەم بریتییە لە (پارتی دیموکراتیی کوردستان)کە پارتێکی کوردییە، توانی(٥٢,٢٧٨)دەنگ بە رێژەی(٩٪)ی دەنگەکان بەدەست بێنێت، بەهەمان شێوەی براوەی سێیەم و چوارەم (٢) کورسیی ئەنجومەنەکەی مسۆگەر کرد. براوەی شەشەم بۆ کورسییە گشتییەکان(تحالف العروبة)یە کە هاوپەیمانیەکی عەرەبیە، بە بەدەستهێنانی (٤٧,٩١٩) دەنگ بە رێژەی (٩٪)دەنگەکان، توانی(١) کورسی ئەنجومەنەکە بەدەست بێنێت. کورسی پێکهاتەی کۆتایی کریستیانەکان(حركه بابليون) بە بەدەستهێنانی(١٧٠٣) دەنگ بۆ خۆی مسۆگەر کرد. خشتەی (٣-٥) و شێوەی (٣-٣). جێبەجێکردنی دەنگەکان لە (سانت لیگۆی هەموارکراو ١,٧) خشتەی(٣-٦).

خشتەی (٣-٥)دەنگ و کورسی بەدەستهاتووی لیستە براوەکان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٢٣

| لیستەکان | دەنگی بەدەستهاتوو | ڕیژەی دەنگ ٪ | کورسی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|---|
| کەرکووک هێز و ئیرادەمانە | ١٥٧,٦٤9 | ٢٨,١٩ | ٥ |
| التحالف العربی فی کرکوك | ١٠٢,٥٥٨ | ١٨,٣٣ | ٣ |
| جبهە ترکمانی العراق الموحد | ٧٥,١٦٩ | ١٣,٤٤ | ٢ |
| القیادە | ٦١,٦١٢ | ١١ | ٢ |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥٢,٢٧٨ | ٩,٣٤ | ٢ |
| تحالف العروبە | ٤٧,٩١٩ | ٨,٥٦ | ١ |
| حرکە بابلیۆن | ١٧٠٣ | ٠,٣ | ١کورسی کۆتا |
| لیستەکانی تر | ٦٠,٣٣٣ | ١٠,٧٨ | ------- |
| کۆیی گشتیی | ٥٥٩,٢٢١ | ١٠٠ | ١٦ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران، پشتبەست بە: المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات، دائرة العملیات وتکنلوجیا المعلومات/ شعبة إدارة وتبویب النتائج، النتائج النهائیة لانتخابات مجالس المحافظات غیر المنتظمة بإقلیم ٢٠٢٣، محافظة کرکوك. https://ihec.iq

شێوەی (٣-٣) ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتووی لیستە براوەکان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٢٣




سەرچاوە: کاری توێژەران، بەسوودوەرگرتن لەخشتەی ژمارە(٣-٦).

خشتەی (٣-٦)جێبەجێ کردنی شێوازی(سانت لیگۆی هەموار کراو ١,٧)لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٢٣

| قەوارەیی سیاسیی | کۆی دەنگی قەوارەکان | دابەشکردن بەسەر(1.7) | دابەشکردن بەسەر(3) | دابەشکردن بەسەر(5) | دابەشکرن بەسەر(7) | دابەشکردن بەسەر(9) | نرخی کورسی | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەرکووک هێز و ئیرادەمانە | ١٥٧,٦٤٩ | 92734 | 52549 | 31529 | 22521 | 17516 | 31529 | 5 |
| التحالف العربی کرکوك | ١٠٢,٥٥٨ | 60328 | 34186 | 20511 | 14651 | 11395 | 34186 | 3 |
| جبهه ترکمانی العراق | ٧٥,١٦٩ | 44217 | 25056 | 15033 | 10738 | 8352 | ٣٧٥٨٤ | 2 |
| القیاده | ٦١,٦١٢ | 36242 | 20537 | 12322 | 8801 | 6845 | 30806 | 2 |
| پارتی دیموکراتیی کوردستان | ٥٢,٢٧٨ | 30751 | 17426 | 10455 | 7468 | 5808 | 26139 | 2 |
| تحالف العروبه | ٤٧٩١٩ | 28187 | 15973 | 9583 | 6845 | 5324 | 47919 | 1 |
| نەوەی نوێ | ٢٥٩١٠ | 15241 | 8636 | 5182 | 3701 | 2878 | ------ | --- |
| کەرکووکنا | ٢٢٧٠١ | 13353 | 7567 | 4540 | 3243 | 2522 | ------ | --- |
| هاوپەیمانی مەشخەڵ | ٦٨٧٩ | 4046 | 2293 | 1375 | 982 | 764 | ------ | --- |
| کۆیی گشتیی(*)7 | ٥٥٢,٦٧٥ | -------- | -------- | -------- | -------- | ------- | -------- | 15 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران، پشتبەست بە: خشتەی (١-٣) و المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات في العراق، النتائج النهائیة لانتخابات مجالس المحافظات غیر المنتظمة بإقلیم ٢٠٢٣ المصادق علیها من قبل مجلس المفوضین، أصوت المرشین لانتخابات مجالس المحافظات ٢٠٢٣ في محافظة کرکوك. https://ihec.iq

دەنگ و کورسیی پارتە کوردییەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٢٣دا بەپێی ئەنجامی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، هاوپەیمانی کەرکووک هێز و ئیرادەمانە (١٥٧,٦٤٩) دەنگیان بەدەستهێنا، لەم ژمارەیە دەنگی یەکێتیی (١٥٥,٦١٥)دەنگ بە ڕێژەی(٦٤٪)، توانی(٥)کورسی ئەنجومەنە کە بەدەست بهێنێت لە پلەی یەکەمی حیزبە کوردییەکات بێت، حیزبی شیوعییش توانی(٢,٠٣٤)دەنگ، بە ڕێژەی(٠,٨٪)ی دەنگەکان، بەڵام هیچ کورسیەکی بەدەست نەهێنا.

پارتی دیموکراتیی کوردستان بە پلەی دووەمی حیزبە کوردییەکانە، توانی (٥٢,٢٧٨)دەنگ بەدەست بهێنێت، بە ڕێژەی(٢١,٥٪)، دوو کورسی بەدەست هێنا. جولانەوەی نەوەی نوێ لە پلەی سێیەمی دەنگی حیزبە کوردییەکان دێ، بە بەدەستهێنانی(٢٥,٩١٠)دەنگ، بە ڕێژەی(١٠,٧٪)بەڵام نەیتوانی هیچ کورسیەکی ئەنجومەنە کە مسۆگەر بکات. هاوپەیمانیی مەشخەڵی کەرکووک، هەردوو حزبی ئیسلامیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی دادگەریی تێیدا بەشداربوون توانیان (٦,٨٧٩)دەنگ بەدەست بێنن، کە کۆمەڵی دادگەری کوردستان توانی(٣,٥٤٢)بە ڕێژەی (١,٥٪)دەنگەکان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان توانی (٣,٣٣٧)دەنگ، بە ڕێژەی(١,٤٪)ی دەنگەکان مسۆگەر بکەن، بەڵام هیچیان کورسیان بەدەست نەهێنا. حزبیی سۆسیالیست دیموکراتیی کوردستانیش بە بەدەستهێنانی(٣٩٧)دەنگ، بە ڕێژەی (٠,٢٪)هیچ کورسیەکی بەدەست نەهێنا. سەیری خشتەی (٣-٧)بکە.

(*) ٧ ئەوە کۆی گشتیی ئەو لیست و قەوارە سیاسیانەیە کە لە خشتە کە ئاماژەی بۆکراوە، لەکاتێکدا ژمارەی دەنگدەر بریتیبووە لە (559.221)دەنگ، بەمەش جیاوازییە کە (6.546)دەنگدەر دەنگی کاندیدە سەربەخۆکان و لیستەکانی ترە.

خشـتەی (٣-٧)دەنـگ و كورسـی بەدەسـتهاتوویی پارتـە كوردییـەكان لـە هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای كەركـووك ٢٠٢٣

| لیستە کوردییەکان | دەنگی بەدەستهاتوو | ڕێژەی دەنگ ٪ | کورسی |
| --- | --- | --- | --- |
| یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ١٥٥,٦١٥ | ٦٤ | ٥ |
| پارتی دیموکراتیی کوردستان | ٥٢,٢٧٨ | ٢١,٥ | ٢ |
| نەوەی نوێ | ٢٥,٩١٠ | ١٠,٧ | ----- |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٣,٥٤٢ | ١,٥ | ----- |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣,٣٣٧ | ١,٤ | ----- |
| حیزبی شیوعی | ٢,٠٣٤ | ٠,٨ | ----- |
| سۆشیالیست دیموکراتیی کوردستان | ٣٩٧ | ٠,٢ | ----- |
| کۆیی گشتیی | ٢٤٣,١١٣ | ١٠٠ | ٧ |

سەرچاوە/ كاری توێژەران، پشتبەست بە: https://ihec.iq/

٣-٢-٢: دەنگی پێكهاتەكان لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٣:

لـەم هەڵبژاردنـەدا ململانێیەكـی تونـد هەبـوو لـە نێـوان پێكهاتـەكان بەتایبـەت لەنێـوان پێكهاتـەی كـورد لەلایـەك و هەریـەك لـە پێكهاتـەی توركـمان و عـەرەب لەلایەكـی تـر.

كـورد بـە (٥)لیسـت بەشـداربوو، توانی(٢٤٣,١١٣)دەنـگ، بـە ڕێـژەی (٤٤٪)بەدەسـت بهێنێـت، بـەم پێیـەش بـووە بـراوەی یەكـەم لـەم هەڵبژاردنـەدا، بـەو هۆیـەوە بـووە خاوەنیـی (٧)كورسـی ئەنجومەنـە كـە، لـە هەمـان كاتـدا پێكهاتـەی عـەرەب بـە (٦)لیسـت بەشـداربوو، بـە بەدەسـتهێنانی(٢٣٥,٣٤٥) دەنـگ، بـە ڕێـژەی(٤٢٪)، توانی(٦)كورسـی بەرێـت، بـەو هۆیەشـەوە بـووە بـراوەی دووەم پێكهاتـەكان، زیادبوونـی دەنگـی عـەرەب ئەگەڕێتـەوە بـۆ ڕووداوەكانـی دوای ١٦ی ئۆكتۆبـەر و كـە بەهـۆی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم سـەریهەڵدا، كـە بـووە هۆیـی ئـەوەی پارێزگارێكـی كوردیـی هەڵبژێـراو دەربكرێـت و پارێزگارێكـی بەوەكالەتـی عـەرەب لـە جێگەیـی دابنێـرت، هەروەهـا لـەم هەڵبژاردنـە پێكهاتـەی عـەرەب بـە ڕێژەیەكـی بەرچـاو بەشـدار هەڵبژاردنیـان كـرد بەتایبەتـی لـە قـەزای حەویجـە كـە زۆرتریـن ڕێـژەی دەنگـدان كـە سـەرو ٨٠٪ بـوو لـەو قەزایـە بـوو.

بـراوەی سـێیەمیش پێكهاتـەی توركمانـە، بەیـەك لیسـت بەشـداربوون، توانـی(٧٥,١٦٩) دەنـگ بەدەسـت بێنێـت، بـە ڕێـژەی(١٣٪)ی دەنگـەكان، كـە بـووە خاوەنـی (٢)كورسـی ئەنجوومـەن، هەرچـی پێكهاتـەی كریسـتیانەكانە بـە (٥)لیسـت و كاندید بەشـداربوون، بـۆ كورسـی كۆتـای كریسـتیان، توانیـان (٥,٥٩٤)دەنـگ بەدەسـت بێنـن بـە ڕێژەی(١٪)ــی دەنگـەكان.

پێكهاتـەكان چ بەلیسـتی جیـاواز بەشـداریان بكردایـە وەك ئـەوەی بەشـداریان كـرد، چ هـەر پێكهاتەیەكـە و بەلیسـتێك بەشـداربونایە لـە پرۆسـەكەدا، هەمـان ژمـارەی كورسـیان بەدەسـت دەهێنـا. خشـتەی (٣-٨) و (٣-٩).

خشتەی (٣-٨)ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی پێکهاتەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ٢٠٢٣

| پێکهاتەکان | دەنگی بەدەستهاتوو | ڕێژەی دەنگ ٪ | کورسی |
|---|---|---|---|
| کورد | ٢٤٣,١١٣ | ٤٤ | ٧ |
| عەرەب | ٢٣٥,٣٤٥ | ٤٢ | ٦ |
| تورکمان | ٧٥,١٦٩ | ١٣ | ٢ |
| کریستیان | ٥,٥٩٤ | ١ | ١ کورسی کۆتا |
| کۆیی گشتیی | ٥٥٩,٢٢١ | ١٠٠ | ١٦ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران، پشت بە: خشتەی (٣-٦)

خشتەی (٣-٩)جێبەجێکردنی شێوازی (سانت لیگۆی هەموار کراو ١,٧)بەسەر دەنگی بەدەستهاتووی پێکهاتەکان

| پێکهاتەکان | کۆی دەنگی پێکهاتەکان | دابەشکردن بەسەر (١,٧) | دابەشکردن بەسەر(٣) | دابەشکردن بەسەر(٥) | دابەشکردن بەسەر(٧) | دابەشکردن بەسەر(٩) | دابەشکردن بەسەر(١١) | دابەشکردن بەسەر(١٣) | کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کورد | ٢٤٣,١١٣ | ١٤٣٠٠٧ | ٨١٠٣٧ | ٤٨٦٢٢ | ٣٤٧٣٠ | ٢٧٠١٢ | ٢٢١٠١ | ١٨٧٠١ | ٧ |
| عەرەب | ٢٣٥,٣٤٥ | ١٣٨٤٣٨ | ٧٨٤٤٨ | ٤٧٠٦٩ | ٣٣٦٢٠ | ٢٦١٤٩ | ٢١٣٩٥ | ١٨١٠٣ | ٦ |
| تورکمان | ٧٥,١٦٩ | ٤٤٢١٧ | ٢٥٠٥٦ | ١٥٠٣٣ | ١٠٧٣٨ | ٨٣٥٢ | ٦٨٣٣ | ٥٧٨٢ | ٢ |
| کریستیان | ٥,٥٩٤ | ------ | ------ | ------ | ------ | ------ | ------ | ------ | ١ کۆتا |
| کۆی گشتیی | ٥٥٩,٢٢١ | ------ | ------ | ------ | ------ | ------ | ------ | ------ | ١٦ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران، پشت بە: خشتەی (١-٣) و (٣-٦).

٣-٣: دابەشبونی جوگرافی هێزە براوەکانی هەردوو هەڵبژاردنی (٢٠٠٥ و ٢٠٢٣)ی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

پێکهاتە نەتەوەییەکانی پارێزگای کەرکووک بەشێوەیەکی ئاڵۆز دابەشبوون، بەجۆرێك تێکەڵاویەکی زۆر بەدی ئەکرێت، ئەم دابەشبوونە کاریگەریی هەبووە لەسەر دابەشبوونیی دەنگی لیست و پێکهاتەکان. بەشێوەیەك زۆرینەی دەنگ و پێکهاتەی کورد کەتۆتە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتیی پارێزگا کە، لەوانە قەزای سەنتەر ناحیەکانی لەیلان، قەرەهەنجیر و شوان لە قەزای دوبزیش هەریە لە ناحیەکانیی سەرگەڕان و ئاڵتون کۆپریی. لەکاتێکدا دەنگی زۆرینەی پێکهاتەی عەرەبیی بە پێچەوانەی دەنگی پێکهاتەی کورد کەوتونەتە باشوور و باشووری خۆرئاوای پارێزگای کەرکووک، وەك تەواوی قەزای حەویجە و ناحیەیی ڕەشادیی سەر بە قەزای داقوق، لە کاتێکدا ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستیی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەك سەنتەری قەزای داقوق و ناحیەکانی تازە خورماتو و یایجی و مەلا عەبدوڵا ناوچەی دەنگی تێکەڵن لە دەنگی تورکمان و کورد و عەرەب. نەخشەی (٣-١).

نەخشەی (٣-١)دیاریکردنیی ناوچەی پاڵپشتیی دەنگی هەریەك لە پێکهاتەکان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥ و ٢٠٢٣)




سەرچاوە/ کاری توێژەران، پشتبەست بە: نەخشەی (٢-١) و (World Ocean ,Base Map)

## ئەنجام:

ناوچەی لێکۆڵینەوە، پارێزگایەکی فرەنەتەوەیە، بەشێك لەم نەتەوانە بەهۆی داگیرکاریی و پرۆسەکانی راگواستن و بەعەرەبکردن لە پارێزگاکەدا زیادییان کردووە، هەموو ئەمانە بوونەتە گۆڕانکاریی لە دیمۆگرافیای شارەکە، کە دواجار کاریگەریی گەورە لەسەر دەنگی لیست و پێکهاتە بەشدارەکانی هەلبژاردن هەبووە لە پارێزگاکەدا.

لە هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک نەتەوەی کورد زۆرترین دەنگی پارێزگاکەی بەدەستهێناوە، بەجۆرێك لە هەڵبژادنی ٢٠٠٥ دا (٢٤١,٧٤٠)دەنگ، بە رێژی ٦٠٪ی دەنگەکان و بووە خاوەنیی ٢٦ کورسی لە کۆی (٤١)کورسی، واتا زیاتر لە نیوەی کورسیەکانی ئەنجومەنەکەی برد. لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٣دا هەرچەندە بەدەنگ زیادی کرد بووە (٢٤٣,١١٣) دەنگ، بەڵام رێژەی دەنگەکانی دابەزیی بۆ ٤٤٪ و کورسیەکانی بووە (٧)کورسیی لە کۆی (١٦)کورسی ئەنجوومەنەکە.

پێکهاتەی عەرەبیی لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا بە (٦٦,٩٨٥)دەنگ و رێژەی ١٧٪ دەنگەکان بووە براوەی سێیەم و خاوەنی (٨) کورسیی، لە کاتێکدا پێکهاتەی تورکمان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا بە (٨٨,٣٢٠)دەنگ، بە رێژەی ٢٢٪ بووە براوەی دووەم و خاوەنی (١٠)کورسیی لە کۆی(٤١)کورسیی. بەپێچەوانەوە لەهەڵبژاردنی

٢٠٢٣دا پێكهاتەی عەرەبیی دەنگەكانیان بە ڕێژەیەكی بەرچاو زیادیك رد، دەنگەكانیان بووە (٢٣٥,٣٤٥) دەنگ، ڕێژەی ٤٢٪ دەنگەكانی هەمان ساڵیان برد و بوونە براوەی دووەم و خاوەنی (٦) كورسییەی. لە هەمانكاتدا دەنگەكانیان كەمی كرد بۆ(٧٥,١٦٩)دەنگ، بە ڕێژەیی ١٣٪ بوونە براوەی سییەم و خاوەنی تەنها (٢) كورسیی لە كۆی (١٦)كورسیی.

لە هەردوو هەڵبژاردندا لیست و هاوپەیمانییەكی كوردیی براوەی یەكەمی هەڵبژاردنەكان بوون، بەجۆرێك لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥دا، لیستی برایەتیی بە (٢٣٧,٣٠٣)دەنگ بە ڕێژەی ٥٩٪ دەنگەكان بووە براوەی یەكەم، بەهەمان شێوە لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٣دا لیستی كەركووك هێز و ئیرادەمانە بە (١٥٧,٦٤٩) دەنگ و بە ڕێژەی ٢٨,١٩٪ دەنگەكان بووە براوەی یەكەم.

نەخشەی هەڵبژاردنی پارێزگای كەركووك لە هەردوو هەڵبژاردن بەجۆرێك بوو، كە كورد لە ناوچە زۆرینە كوردییەكانی باكوورو باكووریی خۆرهەڵات، گەڕەكە كوردییەكانی سەنتەری شاری كەركووك پلەی یەكەم، لە ناحیەكانی ناوەڕاست دەنگەكانی بە شێوەیەكی تێكەڵ بووە، ناوچەكانی باشوور و باشووریی خۆرئاوا بەتایبەتیی لە تەواوی قەزای حەویجە پێكهاتەی عەرەبیی پلەی یەكەمیان بەدەستهێناوە.

ڕووداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەر، كە بەهۆی كردنی ریفراندۆمەكەی ساڵی ٢٠١٧ی كوردستان ڕوویاندا، بەهۆیەوە پارێزگاری كورد لادرا و پارێزگارێكی عەرەب بە وەكالەت لە شوێنی دانرا، كاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر زیادبوونی دەنگی پێكهاتەی عەرەبیی، بە بەراورد بە پێكهاتەكانی تر.

## راسپاردەكان:

پێویستە سەرژمێریی گشتیی لە سەرتاسەری عێراق بكرێت، كە سوودی بۆ وڵات هەیە، بە تایبەتیی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەگەر بێتوو پێش چەند ساڵێك سەرژمێریی لە عێراق بكرایە، ئەو كێشەیە درووست نەئەبوو كە لەم پارێزگایە سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران درووست بوو، كە میكانزمی سەرژمێریی ساڵی (١٩٥٧)كرا بە پێوەر بۆ ئەو كەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە لەم پارێزگایەدا.

پێویستە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاكان بە شێوەیەكی خولیی هاوكات لەگەڵ تەواوی عێراق بكرێت.

پێویستە تۆماری دەنگدەران پاك بكرێتەوە لە دەنگدەری نا ڕاست، ڕێگری بكرێت لە دزیی و ساختەكاریی، بۆئەوەی نەخشەیەكی هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی پارێزگاكەمان دەست بكەوێت، تا ئەو حوكومەتە لۆكاڵییەی پارێزگاكە دائەمەزرێت، دەربرینی دەنگی واقعی پارێزگاكە بێت.

پێش كردنی پرۆسەی هەر هەڵبژاردنێك، ئەگەر ئامێری زیرەك (تەكنەلۆجیا)بەشداریی پێكرا، پێویستە پێشوەختە تاقیبكرێتەوە، چونكە لە كۆتا پرۆسەی هەڵبژاردنی پارێزگای كەركووك ژمارەیەكی زۆری ئامێری تحقوقی دەنگدەران كاریان نەئەكرد، بۆیە دەنگدەرێكی زۆر بێ بەش بوون لە پرۆسەكەدا.

# الملخص

تهدف هذه الدراسة إلى التعرف على جغرافية انتخابات مجلس محافظة كركوك بين عامي ٢٠٠٥ و ٢٠٢٣. تكمن أهمية الدراسة في أنها تقوم بتحليل نتائج كلا الانتخابين عن طريق عرض البيانات والخرائط بينهما لبيان فروق النتائج بين كلا الانتخابين. تم استخدام أسلوب (التحليل الإحصائي والمقارنة)في الدراسة. ولتحقيق هدف الدراسة خصص محتوى الدراسة للتعريف بالموقع الجغرافي لمنطقة الدراسة، النظم الانتخابية، التركيبة السكانية وعدد الناخبين بين الدورتين الانتخابيتين، وتم تحليل نتائج انتخابات مجلس محافظة كركوك في عامي ٢٠٠٥ و٢٠٢٣وأخيراً توصلت الدراسة إلى أنه في انتخابات مجلس محافظة كركوك لعام ٢٠٠٥، بلغ عدد الذين يحق لهم التصويت (٤٧٥,٥٥٣)ناخباً، حيث صوت (٤٠٠,٨٩٢)شخصاً بنسبة ٨٤,٣٪ من الأصوات للفوز بـ (٤١)مقعداً. أما في انتخابات ٢٠٢٣ فقد بلغ عدد الناخبين الذين يحق لهم التصويت (٨٧٠,٩٢٠)ناخباً، وبلغ عدد الناخبين الذين شاركوا في التصويت (٥٥٩,٢٢١)، أي أن نسبة التصويت بلغت ٦٤,٢٪. للتنافس على (١٦)مقعداً. وفي كلا الانتخابين، فازت القومية الكردية بأكبر عدد من الأصوات، بينما في انتخابات عام ٢٠٠٥، جاءت القومية التركمانية بالمرتبة الثانية والقوميه العربية بالمرتبة الثالثة. بينما في انتخابات ٢٠٢٣ جاءت القومية العربية بالمرتبة الثانية، بزيادة ملحوظه من ١٧ ٪. إلى ٤٢ ٪ من الاصوات. نتائج هذه الدراسة مهمة للأحزاب السياسية والطوائف العرقية المشاركة في الانتخابات.


**الكلمات المفتاحية: (الانتخابات، كركوك، مجلس المحافظة، مراكز الاقتراع، محطة الاقتراع)**


# Abstract

This study aims to understand the geography of the elections of the Kirkuk provincial council between 2005 and 2023. The importance of the research is the analysis of both election results by presenting data and maps to show the differences. To reach the research aims, statistical analysis and comparison methods were used in this study. The content of the research is dedicated to introducing the geographic location, electoral system, demographic characteristics and the number of voters between the two elections. In the 2005 Kirkuk provincial council elections, those who were eligible to vote were (475.553)voters, to win (41)seats (400,892)people voted, which is 84.3% of the total eligible voters. While in the 2023 elections, the number of eligible voters was (870,920), and to win (16) seats (559,221)people voted, so the voting percentage was 64.2%. In both elections, the Kurdish community won most of the votes, but there were variations for the Turkmen and Arab communities, in the 2005 elections, the Turkmen community came second and the Arab community was third. While in the 2023 elections, the Arab community became second, which increased significantly from 17% to 42%. The results of this study are important for political parties and ethnic communities participating in the elections.


**Keywords: (Election, Kirkuk, Provincial Council, Election Station, Election Base)**

## لیستی سەرچاوەکان:

البرزنجی، سەرهەنگ حمید. "انتخابات اقلیم کوردستان العراق بین النظریة و التطبیق، ٢٠٠٣.

الحمدانی، محمد صادق جمیل. مشکلة اداره کرکوك و مستقبلها الجیوبولیتیکی، اطروحة دکتوراه، کلیه التربیة/ابن الرشد، جامعة بغداد، العراق، ٢٠١١

کۆمەڵێ توێژەر، ئایندەی کەرکووک لە نێوان هەولێر و بەغدا." پرۆژەی هاوبەشی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی یاسای و سیاسیی، ٢٠١٦.

جەمال، ئارام- دەرباز محمد. سیستمەکانیی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسی. سلێمانیی: چابخانەی رەهەند، ٢٠١٤.

دەروێش، سەرکەوت عەبدوڵا. "شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانیی دەرەوەیی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق." ٢٠١٤.

رەئوف، محەمەد. هەڵبژاردن لە کوردستان ١٩٩٢ - ٢٠١٠، سلێمانی: چاپخانەی ئارۆ، ٢٠١٣.

شوانی، رەفیق. کێشەی کەرکووک و چۆنیەتی چارەسەرکردنی. هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاو کردنەوەی موکوریان، ٢٠٠٧.

عبدالرحمان، عبدالرحمان علی- ظاهرة عبدالزهرة ربیعی. "الابعاد الجغرافیە السیاسیە لقضیة کرکوك بعد عام ٢٠٠٣"، ٢٠٠٩.

عبدالرحمان، پشکۆ حەمە تاهیر. "کەرکووک لە سەرچاوە نوسراوە جیاوازەکاندا." گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ٢٠١٦.

علی، جاسم محمد محمد. "الجغرافیە الانتخابیە لمجالس المحافظات في العراق." کلیة العلوم الانسانیة، جامعة السلیمانیة. السلیمانیة، ٢٠١١.

عێراق، دەستوریی هەمیشەیی، ٢٠٠٥.

عێراق، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی. یاسای هەڵبژاردن. بەغداد: پەرلەمانی عێراق، ٢٠٠٣.

فتاح، عبدالرحمان مستەفا. پارێزگاریی پێشوتریی کەرکووک. کەرکووک: چاوپێکەوتنی تۆڕی میدیایی درەو، ٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣.

قادر، جەبار. نەفرەتی نەوت و ستەمیی دیمۆگرافیا. هەولێر، کوردستان: چاپخانەیی زانکۆی صلاح الدین، ٢٠١٩.

کەریم، ئەحمەد رەفیق. "ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان." لێکۆلینەوەیەك لە جوگرافیایی سیاسیی، ٢٠٠٩.

جمهوریة العراق، وزارة التخطیط، الهیئة العلیا للتعداد العام للسکان والمساکن، الادارة التنفیذیة للتعداد، التعداد العام للمباني والمساکن والمنشأت والأسر، سلسلة تقاریر الترقیم والحصر، تقریر رقم ١،المباني والمساکن والأسر علی المستوی الوطني، تموز ٢٠١١، مطبعة الجهاز المرکزي للإحصاء، بغداد.

بیانات وزاره التخطیط الجهاز المرکزي للاحصاء، تقدیرات سکان محافظة کرکوك حسب الفئات العمریة الاحادیە والبیئە والجنس لسنة ٢٠٢١(بیانات غیر منشورة).

جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، المؤشرات السكانية، تقديرات سكان العراق للفترة (٢٠١٥-٢٠٣٠)، جدول (تقديرات سكان العراق حسب المحافظات والبيئة والجنس لسنة ٢٠٢١)، "https://cosit.gov.iq/ar/?option=com_content&view=article&layout=edit&id=174&jsn_setmobile=no"
الجهاز المركزي للاحصاء - الجهاز المركزي للاحصاء (cosit.gov.iq)
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، النتائج النهائية لانتخابات مجالس المحافظات غير المنتظمة بإقليم ٢٠٢٣ المصادق عليها من قبل مجلس المفوضين، أصوت المرشين لانتخابات مجالس المحافظات ٢٠٢٣ في محافظة كركوك.

https://ihec.iq

Britannica, 2023, Plurality and majority systems, Sainte-Laguë method, political science. https://www.britannica.com/topic/Sainte-Lague-method (January 24, 2024)

ArcGIS V.10.5.1, Base Map (World Ocean, Open Street Map).

https://web.archive.org/web/20201112020354/https://www.washingtoninstitute.org/uploads/Documents/pubs/PolicyFocus102.pdf. n.d.

https://www.academia.edu/40261120. n.d.

https://ihec.iq/2811911/2023//